# MILLION WOMEN RISE 2008

# رێــپــیــێوانی یەك ملیـــۆن ژن بە دژی توند و تیژی لە

# بەریــتانیــا لە 8ی مارسی 2008 ، رۆژی جیهانی ژنان !

**رۆژی شـــــــەمـەمە رێکەوتی 8|3| 2008 لە لەندەن**

**کاتژمێر 12 ی نیوەرۆ کۆبونەوە لە مەیدانی قسەکەران لە هاید پارك**

**کاتژمێر 3 ی پاش نیوەرۆ - رێپێوان بەرەو مەیدانی تراڤل – گار- سکوێر**

---

**توند وتیژی بە دەستی پیاوان لە بەرامبەر ژناندا لە تەواوی جیهاندا ژیانی ژنان و منداڵ و خێزان و کۆمەڵگای بە تەواوی شێواندووە .**

**راستیەکان تەنها لە بەریتانیا :**

- **تەنها رێژەی 5.29٪ ی کەیسەکانی دەستدرێژی سێکسی کە دەبرێتە لای پـۆلیس لـە دادگاکاندا دەبێتە هۆی سزادانی تاوانباران .**
- **ساڵانە تا ژمارەی 1420 ژن بە قاچـاغ دەهێنرێنـە بـەریتانیا بـۆ فرۆشـتن و بازرگـانی سێکس پێیانەوە .**
- **هەر هەفتەیەك دوو ژن دەکوژرێن بەدەستی هاوسەر یان هاوسەری پێشووی .**
- **لە هەر دەقەیەکدا ژنێك تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات لەسەر توند و تیژی نێو ماڵ**
- **مانگی یەك ژن دەکوژرێت لە ژێر ناوی " کوشتنی شەرەفدا "**

**راستیەکان لەسەر ئاستی جیهاندا :**

- **لە هەر سـاڵێکدا ، دوو ملیـۆن کـچ لـە نێـوان تەمـەنی 5 – 15 سـاڵ دەرفێنـدرێن و دەفرۆشرێن بۆ بازرگانی سێکس**
- **لەهەر یەك دەقیقەدا ژنێك دەمرێت بەهۆی یەکێ لە هۆیەکانی پەیوەند بـە سـکپڕبوونەوە کە زۆربەیان چارەسەریان هەیە.**

# له پێناو داهاتوویەکی خاڵی له توند و تیژی بۆ ژنان و منداڵان

# پەیوەست بن بە ڕێپێوانی یەك ملیۆنی ژنان له لەندەن

---

**تکایه ئاگادار به کە بەشدار بوون له ڕێپێوانەکەدا تەنها بۆ ژنانه**

**پیاوان دەتوانن به دەوری ڕێپێوانەکەدا بوەستن ، به گوڵ باران و چەپڵە لێدان پشتیوانی خۆیان**

**بۆ ڕێپێوانی ژنان و داواکانی 8 ی مارس دەربرن**

## بۆ زانیاری زیاتر به زمانی ئینگلیزی تکایه پەیوەندی بکەن به:

**ئیمەیل :** info@millionwomenrise.com

**ویب سایت :** www.millionwomenrise.com

## بۆ زانیاری زیاتر به زمانی کوردی و عەرەبی پەیوەندی بکەن به :

**سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان له لەندەن :**

**ئیمەیل :** admin@mecwr.org

**ژمارەی تەلەفۆن :** 0207 701 2206

**ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان له لەندەن :**

**ئیمەیل :** waviolence@ukonline.co.uk

**ژمارەی تەلەفۆن :** 0207 263 1027

# بەیانی داواکاریەکانی رۆژی جیهانی ژنان لە بەریتانیا

توند و تیژی لە دژی ژنان و منداڵان زۆر بەربڵاوە لە کۆمەڵگادا هەر لە لێدان و توندو تیژی سێکسی لەبەرامبەر منداڵان ، توندو تیژی نێو ماڵ ، بازرگانی سێکسی بە منداڵان و ژنانەوە ، بە زۆر بە شوودان ، خەتەنەی منداڵان و کوشتن بە بەهانەی پاراستنی شەرەف و ......هتد . زۆربەی زۆری توند و تیژیەکان لە بەرامبەر منداڵان و ژناندا لە لایەن پیاوانەوە پیادە دەکرێت .

ئەم توند و تیژیە لەبەرامبەر ژنان و مندالاندا پێشێلکاریەکی رۆشنی مافەکانی مرۆڤن .

رێگە گرتن لە توند و تیژی لە بەرامبەر ژنان و منداڵان مەسەلەیەکی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەیە و دەبێت لە ریزی ئەولەویاتی حکومەتدا بێت لە هەموو ئاستەکانیدا .

دارشتن و کارپێکردنی پیلانێکی ستراتیجی و هەمەلایەنە لەسەر ئاستی ووڵاتدا بۆ بەرەو رووبوونەوەی توند و تیژی پیاوان. لێپرسراوەتی ئەم پلانە دەکەوێتە سەرشانی حکومەت و هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان وە دەبێ لە دەوری ئەم چەند خاڵە سەرەکی یە بێت :

1- بەرگرتن : بەرگرتن بە روودانی توند و تیژی لەبەرامبەر ژنان و منداڵاندا

2- خزمەتگوزاری : خزمەتگوزاری پێویست و بە جێ بۆ پشتیوانی کردن لە ژنان و منداڵان

3- پاراستن : حیمایەتی قانونی کاریگەر بۆ ژنان و مندا ڵا ن لە دەست توند و تیژی دابین بکرێت

---

بۆ پشتیوانی لەم داواکاریانەی سەرەوە دەتوانی ناوی خۆت و رێکخراوەکەت بنێری بۆ :

info@millionwomenrise.com تا بچیتە سەر لیستی پشتیوانیکەرانی ئەم رۆژە .